# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی نۆهەم)



**نوسینی: کری ڤۆلف**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ئینجیلەکان و مێژووی مرۆڤایەتی

**(بۆچی ڕێبازی ئینجیلەکان بوو بە ئاینی زۆربەی خەڵکی ڕوم؟)**

دیانەتی عیسا لەسەرەتادا زۆر دژبەری هەبوو. لەو سەردەمەدا کە زانایەکی گەورەی کۆمەڵناسی بە" سەدەمی چەند بەرەکی و پەرتەوازەیی لە هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی، کەلتووری و ئەخلاقی" پێناسەی دەکات، زۆر ئاینی جۆربەجۆری دیکەش لە ئیمپراتوڕی ڕومدا سەریان دەرهێنا بوو. دیانەتی مەسیحی دەبوو خۆی لە قەرەی ئاینی هەتاوپەرستی (میترایی) بدا و لەگەڵیدا بە توندی تێبکەوێ. ئەم ئاینە سەرەتا لە ئێراندا سەری هەڵدا، پاشان خۆی گەیاندبووە ناوچەکانی ئیمپراتوریی گەورە و بەربلاوی ڕوم.

هەرچی چۆنێک بێت دیانەتی مەسیح هەر لە سەرەتای سەدەی چواری زایینییەوە ببوو بە دیانەتی باڵادەست و فەرمی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتورییە. فێرکردەکانی ئینجیل کە دیانەتی مەسیح لەسەری دارێژراوە هێزێکی گەورەی بە لای خۆیدا ڕاکێشابوو. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە باشە بۆچی ڕێبازی ئینجیلەکان لە ئیمپراتوری ڕومدا بوو بە مەزهەبی فەرمی؟ بۆچی جەماوەری خەڵک ئەم مەزهەبەیان لەوانی دیکە پێ چاتر بوو؟ چ شتێکی باشیان تێدا دەدیت؟



لەبەر ئەوە بوو کە توێژی جۆربەجۆری خەڵک ئەم دیانەتەیان بەر دڵ کەوتبوو. کۆیلە و جوتیار و خاوەن پیشە هیچ بەدەستەوە نەماوەکان و تێکڕای خەڵکی برسی و تالانکراو ڕۆژنەیەکی حەوانەوە و مەکۆیەکی ئۆقرەگرتنیان تێدا دەبینییەوە. زانایەکی ئابووری دەنووسێ: لەو سەردەمەدا لە ناو هەموو چینە کۆمەلایەتییەکاندا خەڵکانێک هەبوون کە هیوایان بەوە نەمابوو کە سەربەستی و ڕزگاری جەستەیی خۆیان بەدی بێنن، بەناچار بۆ شوێنێك دەگەڕان کە لانی کەم سەربەستی دەروونی و ڕۆحی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە. کۆیلەکان زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانە بوون و بۆ پەسیوێک دەگەڕان خۆی تێدا ببیننەوە، هەناویان ئۆقرە بگرێ، بحەوێنەوە و بە دڵسوکنایی دەروونی بگەن. ئەوانە تۆوی دڵنەوایی و ئۆخژنی ڕۆحی و دەروونی لە ئاستی ویژدانی مرۆڤایەتییان لە دڵی خۆیاندا دەچاند، ڕوویان لەم دنیای ڕواڵەتی و هەست پێکراوە وەردەگێڕا و چاویان لەو دنیای دەروونی نادیاری خۆیان دەبڕی."

ڕەنجدەران و زۆرلێکراوان ڕووناکاییەکیان شک نەدەبرد، هیوایان بەوە نەمابوو کە بارودۆخی ژیانیان گۆڕانی بەسەردا بێ و داروپەردووی زۆرداران تێک بتەپێ. ئێستا دیانەتی مەسیح ڕۆژنەیەکی تراویلکەیی پێ نیشان دەدان و دەرووی هیوایەکی خەیاڵی بەسەرکەوتنی بۆ دەکردنەوە. بەڵام بێ گومان نەک لەم دنیا، بەڵکوو دواتر و لەو دنیایدیکە. «... دیانەتی مەسیح دەنگی لە تەلێک دەردەهێنا کە دەبوو لە دڵی خەڵکانێکی زۆروزەبەندا دەنگ بداتەوە». ئەم دیانەتە تازەکوورەیە دەیوت:" ڕزگاریدەرێک سەری هەڵداوە، بەم زووانە هەموو شتێک چاک دەبێ و دەیخاتە باری ئاسایی خۆی و هەموو کۆن و کەلەبەرەکانی خراپە دەگرێ و تێکڕای خەڵک ڕزگار دەکات. کەوابوو نابێ خەمی هەموو شتێک بخۆین و لەسەر دڵی خۆمانی خڕ کەینەوە، نابێ دەست لەم قەوارە کۆمەلایەتییە بدرێ و هەنگاوی بۆ هەڵبگیردرێ هەموو شتێک هەر بەو جۆرە باشە کە هەیە و دەبیندرێ. هێندە نابات کە ئەم "ڕزگاریدەرە"، بۆ جاری دووهەم سەر هەڵدەداتەوە و ئەو کات هەموو شتێک دەچێتە

دۆخی خۆی و چاک دەبێتەوە و دادەسەکنێ. دەیانوت ئەم رزگاریدەرە دادگایەکی فریادڕەس و دادئەستێنی وا پێک دەهێنێ (لە رۆژی پەسڵان) کە تا ئێستا قەت کەس نەیدیتووە و هەموو زۆرداران و ستەمکاران بەرەو جەحەنەم راپێچ دەکات. کەوابوو باشتر وایە بەفیڕۆ خۆمان بۆ نەهێشتنی زۆرداریییەکانی کۆیلایەتی زەحمەت نەدەین و لێبگەڕێین، چونکا هیچی تیا بایس نییە، چاکتر ئەوەیە چاوەڕێ بین. ئەوەندە بزانن کە ئەم چاوەڕوانییە هێندە ناخایەنێ، چما ئینجیل بە ئەشکرا ئەم مزگێنییەمان ناداتێ و نەیوتووە: راستیتان پێ دەڵێم ، ئەم نەوەیە بەسەر ناچێ، هەتا ئەم شتانە هەمووی روو نەدات»[ ئینجیلی ناسراو بە مەتتا، بەشی ٢٤، ئایەتی٣٤]. ئەگەر هاتوو رزگاریدەر وەدرەنگ کەوت، خەمتان نەبێ، بە دڵنیائییەوە خۆی فریای وەچەی دوایی دەخات. ئێستا ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە چاوەڕێ بین، ئیمانمان هەبێ و دۆعا بکەین، بەتایبەت دەبێ دان بە خۆماندا بگرین و سەبرمان هەبێ ... ئەم لێکدانەوە و ئەم بۆچوونە زۆر باش لەگەڵ خولْق و ئاکاری زۆرلێکراوانی ئەودەمدا یەکدەهاتەوە، چونکا گیریان بەدەست خەباتی چینایەتییەوە خواردبوو، بەردەوام تێکدەشکان، هیچ رووناکاییەکیان شک نەدەبرد و هیوایان نەمابوو کە بتوانن خۆیان بە دەستی خۆیان ژیانێکی چاکتر بۆخۆیان سازبکەین"

لەو سەروبەندەدا و لە کاتی سەرهەڵدانی دیانەتی مەسیحدا جۆرە خولْق و رەوشتێکی تایبەت لە ناو چینە داراکانی ئیمپراتوری رومدا هەبووکە بواری بۆ ئەم دیانەتە نوێیە خۆش دەکرد. ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەش ئەو قەیران و تەنگژەیەش کە لە سەدەکانی یەکەمی زایینیدا باڵی بەسەر کۆمەڵگای کۆیلایەتی رومدا گرتبوو، لەم بابەتەشەوە بارودۆخێکی لەباری هێنابوە پێش.

سیستەمی کۆیلایەتی بۆخۆی ببوە لەمپەڕ و ئاستەنگ لەسەر رێگای گەشە و بەروپێشچوونی ئابووری کۆمەڵگا. دەزانین ئەودەم ئیمپراتوری روم پەیتا پەیتا لە گەڵ دووژمنەکانی لەشەردا بوو. بە هۆی ئەم شەڕانەوە بەردەوام ژمارەی یەخسیرکراوەکانی



شەر کە دەکرانە کۆیلە دەچووە سەر. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر و تا ماوەیەك ئاستی بەرهەمدارییی لە ناو کۆمەڵگای بەرز کردبوەوە. بەرە بەرە مەیدانی کاری کۆیلەکان هەموو بەش و بوارە ئابوورییەکانی دەگرتەوە و ئیتر کاتی ئەوە گەیشتبوو کە بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئابووری، ئامراز و کەلوپەلی پێشکەوتەی نوێ بخرێتە گەڕ. تا وابێ و لە هەموو بوار و بەشە ئابوورییەکاندا هەر کار لە کۆیلەکان بکێشرێتەوە و ئەم نەزمە باڵادەست بێ، ئەوا ئیتر پیشەسازییەکان بەروە پێش ناچن. چونکا هیچ قازانجێك بۆ کۆیلە لەبەرچاو نەدەگیرا و ئەوانیش بەدەربەست نەبوون، دەهاتن ئامراز و دامەزراوەکانیان - هەرچەند ساکار و سەرەتاییش بوونایە - تێکدەدا و خرایان دەکردن. هەموو ئەمانە دەستیان دابوە دەستی یەك و ببونە هەوێنی ئابوورییەکی پڕ تەنگەژە و قەیراناوی، کە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر سێبەری دەخستە سەر بارودۆخی ناهەمواری ئابووری ئیمپراتوری روم کە پشتی تەنیا بە کاری کۆیلەکان بەستبوو.

ئەودەم جەماوەری کۆیلە کە بەردەوام لە هەڵچون و داچون و سەرهەڵداندا بوون، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شار و گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری رومیان پێك دەهێنا. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش ژمارەیەکی زۆری "سەربەست" و ناکۆیلە، بەڵام ناسامانداریش هەبوون کە لە شارەکان دەژیان. ئەمانە و جوتیاران و پیشەساز و کاسبکاری هیچ بەدەستەوە نەماو بە گشتی لە روانگەی چینە دەسەڵاتدارەکانەوە تویژ و تاقمێکی بڕوا پێنەکراو بوون و بۆ ئەوە نەدەشیان پشتیان پێ ببەسترێ.

ئیمپراتوری روم لەو وڵاتانەیدا کە داگیری کردبوون، بەردەوام لە گەڵ راپەڕین و سەرهەڵدانی نەتەوە ژێردەستەکان بەرەوروو دەبوەوە. لە سنوری باکووری ئیمپراتوری رومدا ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە وەحشییەکانی «ژرمەن» دەژیان. ئەمانە لە دەرفەت دەگەڕان بۆ هورووژم کردنەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری روم. دەسەڵاتدارانی ئیمپراتوری روم لە سەدەی یەکەمی زایینیدا دەبوو بەردەوام بەرپەرچی

ئەو تەوژم و هوروژمانە بدەنەوە، بە مانایەکی دیکە بەردەوام لە گەڵ ئەوانەدا لە کێشەدا بوون. ئەودەم، ئا لەو هەلومەرجەدا دید و بۆچوونی کۆیلەدارەکانی روم بە جۆرێك بوو کە بە تامەزرۆییەوە بەرەو پیری دیانەتی مەسیحەوە بچێ.

ئەو دید و بۆچوونە شتێکی پوختەکراوی یەکدەست نەبوو. کۆیلەدارەکانی روم هەوڵیان ئەوە بوو تا هەرچی زۆرتر و باشتر بێ ئەوەی بە تەنگ دوارۆژەوە بن، هەر ئەمڕۆ لە هەموو خۆشیەکانی ژیان ـ کە بۆیان دەلوێ ــ کەڵك وەرگرن. بەرهەمی نووسەرانی ئەودەم پڕن لە باسی فەساد، تۆلازی، رابواردن، دەسبڵاوی سەیر و تەخشانوپەخشان کردنی پارە و سامانێکی زۆر لەپێناو خۆسەرقاڵکردن و رابواردن. دەخوێنینەوە کە چیها کراوە لە پێناو دۆزینەوەی رێگای تازە بۆ ژیاندنەوەی شەهوەتی داکەوتە و هەوەسی دامرکاو. هەموو ئەم خوشگوزەرانی و کردوکۆشە زیادەڕۆییانە نەیدەتوانی مۆتەکەی خەفەت و کەسەرییەك لا بەرێت، کە بە هۆی قەیرانی بێ دەرمانی ئەو سیستەمەوە بەربێنکی دەسەڵاتدارانی گرتبوو.

لە بارودۆخێکی وادا خەڵك زیاتر لە جاران روو لە ئایین دەکەن. نەك هەر زۆرلێکراوان، بەڵکو زۆردارانیش هەموو جۆرە بیرێکی پووچەڵ و خورافەیەکیان وەردەگرت، چونکا دڵیان بە ئایینە کۆنەکانی روم نەدەحەواوە. بە شوێن بیر و روانگەی نوێدا دەگەڕان و لە وڵاتە تازە داگیرکراوەکان و لەوانەش وڵاتانی رۆژهەڵاتدا وەریان دەگرت.

ورده ورده خوای نەتەوە ژێردەستەکانی روم دزەیان دەکردە ناو سەرکردەکان و دەسەڵاتدارانی ئەم ئیمپراتوریە جیهانییە و جێگای خۆیان دەکردەوە. خواکانی وەك:«ئیزیس، خوای میسرییەکان»، «خواکانی یۆنانی»، «میترا، خوای ئێرانییەکان»، «ئادونس و سیبل، خوای سورییەکان و ئاسیای بچوك»، ورده ورده لە ناو خاوەن کۆیلەکاندا لایەنگری بۆ پەیدا بوو. ئەم لایەنگرانە لێرە و لەوێ پەرستگا و نەزرگەیان قوت دەکردەوە و قوربانییان بۆ دەکردن. لە ئیمپراتوری رومدا باو بوو کە رێز



لە ئازادی ئاینیی بگیردرێ. کەس کاری بەسەر ئەوەوە نەبوو کە کێ چ بیروباوەڕێکی ئاینیی هەیە. قەت شوێن پێی کەسێکیان لەبەر بیر و روانگەیەکی تایبەتی ئاینی هەڵنەدەگرت، مەگەر ئەوەی لە دژی سیستەمی کۆمەلایەتیدا هەنگاوێکی هەڵگرتبێ. بەمجۆرە هەمە چەشنەییەکی زۆری بیروباوەڕی ئاینی لە گۆڕێدا بوو. تەنانەت زۆرجار خەڵکانێك هەبوون کە خواگەلی ئایینە جۆربەجۆرەکانیان دەپەرەست، لێی دەپاڕانەوە و نوێژیان بۆ دەکردن. لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا چینە دەسەڵاتدارەکان رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر سەرنجیان بۆ ئەوە دەچوو کە بۆ تۆکمە کردنی بناخەکانی ئیمپراتوری روم، باشتر ئەوەیە و پێویستە ئاینێکی یەکدەست و یەکپارچە لە گۆڕێدا بێ.

ئەم ئیمپراتورییە جیهانییە، بە هۆی دژایەتییە ناوخۆییەکانییەوە پچرپچر ببوو. ئاینێکی یەکدەست و هاوبەش بۆ هەموو قەوم و نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ناو ئیمپراتوری دەیتوانی رێگایەك بێت بۆ ئەوەی بەر بەم بشێوی و پرژوبڵاوییە بگیردرێ. بەڵام هیچکام لەو ئاینانەی کە هەبوون نەیاندەتوانی ئەم دەورە بگێڕن. دیانەتی مەسیحییەت لەبەر تایبەتمەندییەکانی زۆر باش دەستی دەدا بۆ ئەوەی وەك ئاینێکی فەرمی لە ئیمپراتوری رومدا هەڵبژێردرێ. چونکا ئەم دیانەتە شێلگیرانە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان (یونانی و یەهودی)دا نیە و هەموو قەومەکان لە لای خودا وەك یەکن و بەقەدەر یەکیش لە بەرامبەر گوناحی سەرەتایی (ئادەم و حەوا) دا بەرپرسن، هەموانیش تەنیا بە دەستی عیسا رزگار دەکرێن. کەوابوو ئەم ئایینە سەر بە هیچ خێڵ و تایفە و قەوم و قەبیلەیەکەوە نیە، هەموان دەتوانن دەست بە گوریسەکەیەوە بگرن، بابەتێکی گشتییە و خۆی بۆ هەموان تەرخان کردووە و کاری بەسەر هەموو مرۆڤەکانەوە هەیە. هەر ئەم تایبەتمەندییانەش وای کرد کە وەك ئاینێکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی ناو ئیمپراتوری روم وەربگیردرێ.

لە زۆربەی ئاینەکانی ئەو سەردەمەدا دەبوو ڕێڕەوەکان گەلێك رەسم و ریسای جۆربەجۆر پەیڕەو بکەن. لە ناو ئەو داب و یاسایانەدا قوربانی کردن، بەتایبەت،

قوربانیکردنی ئینسان دەورێکی سەرەکی و باڵای هەبوو. خەڵك کە خوویان بە ڕەسم و ریسا و نەریتێکی تایبەتی ئاینییەوە گرتبێ، زۆر بە زەحمەت دەستی لێ هەڵدەگرن و مل بە داب و نەریتێکی دیکە دەدەن کە نامۆ و تازە بێ و نایناسن. لەم بابەتەشەوە دیانەتی مەسیح لە هەموان حاسانتر بوو. قورسای و تەوژمی نەدەخستە سەر شانی رێڕەوەکانی، نەریتێکی کەمتر و ئاسانتر لەوانی دیکە هەبوو. بۆ نمونە لە جیاتی ئەو هەموو قوربانییە گەورە و گران و پێچەڵپووچانە، تەنیا داوی بەڕێوەبردنی «تناول القربانCommunion»ی لە لایەنگرەکانی دەکرد، ئەوەش زۆر هاسانە و خەرجێکی ئەوتۆشی نەبوو. ئەم سادە بوونەشی لە چاو ئاینەکانی کۆن و رۆژهەڵاتیدا تا رادەیەکی زۆر نەخشی هەبوو لە بڵاوبوونەوە و رەگئاژۆ بوونی ئەم ئایینە نوێیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا.

خاوەن کۆیلەکانیش گرینگییەکی تایبەتییان بۆ مەسیحییەت دادەنا، چونکا زۆر چاك دەیتوانی یارمەتییان بدات تا کەسانی گۆبەندگێڕ و سەربەگێچەڵ سارد بکرێنەوە و دەستەمۆ بکرێن. لە حەق دەرنەچین لەم بابەتەوە گەلێکی لە دەست هات و زۆریشی یارمەتی گەیاند. ئەم دیانەتە قسەی ئەوە بوو کە نابێ لە بەرامبەر خراپەدا بەربەرەکانی بکرێت، هەرای بۆ ئەوە دەکرد کە دەست مەبزێون و هەر چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوەی مەسیح بکەن. بەمجۆرە هەموو «ماندووەکان و بارگرانەکانی» ناچار دەکرد، بە بێ دەنگهەڵبرین و نارەزایەتی دەربڕین دان بەخۆیاندا بگرن و شان لەبەر قورسایی ژیانی پرمەینەتی خۆیاندا ڕابگرن. ئەم دیانەتە بەم چاوڕاوەی خۆی لەمەڕ برایەتی و خۆ ڕانەپسکان لەبەرامبەر خراپە و زوڵم و زۆر دەیتوانی وەك زنجیر لە دەست و پێی کویلەکان بئاڵێ و بیانبەستیتەوە.

سەرهەڵدانی کۆیلەکان و بەگشتی دەنگ هەڵبڕین و راپەڕینی کۆیلەکان تەنیا بە هێزی چەك سەرکوت ناکرێ و ناخنکێندرێ. ئاینیش شێوەیەکە بۆ بەروروبونەوە و پێشگرتن بە سەرهەڵدانەکان.



ئیمپراتوری روم وڵاتانێکی زۆری خستبووە ژێر دەستی خۆی. نەتەوەکانی ئەو وڵاتانە هەروا بە حاسانی ملیان بۆ ئەو داگیرکارییە نەدەدا، نەیاندەویست بچنە ژێر نیری کۆیلەتی رومییەکانەوە. بەردەوام لە دەرفەت دەگەڕان و لە دژی رومییەکان سەریان هەڵدەدا و ڕادەپەرین. دەوڵەتی رومیش بۆ بەرپەرچدانەوەیان کەوتبوە تەنگانە و تووشی ژانەسەرێکی زۆر هاتبوو. بە دنەدان و بڕەودان بە دیانەتی مەسیح و فێرکردەکانی کە داوای لە رێڕەوەکانی دەکرد بەربەرەکانێ مەکەن و لە بەرامبەر سەرکەوتووکاندا سەر دابخەن و بە بوردەبارییەوە کۆتی کۆیلەتی لە مل بکەن ـ ئیمکانی ئەوە هەبوو کە دیانەتێکی هاوبەش بەسەر نەتەوە یەخسیرکراوەکاندا بسەپێ.

هەر بەوشێوەی کە نەتەوە جۆربەجۆرەکان بە دەستی ئیمپراتوری روم یەخسیردەکران و سەربەخۆییان نەدەهێشتن، بە هەمان شێوەش ئیمان و بڕوا بە خوا کۆن و تایبەت بەخۆکانیان لێ دەساندنەوە و پێبەپێی ئەمەش جێگا بۆ دیانەتی مەسیح دەکرایەوە. ئەم دیانەتە شتێکی نوێ بوو، سەرەتا زۆر ساکار و سادە بوو، بە هیچ جۆرە داب و ریسایەکی ملۆزمەوە گرێ نەدرابوو. ئاینێك نەبوو هەر تایبەت بێ بە یونانی و یەهودییەکان، بەڵکو بە بێ فەرق و جیاوازی هەموو قەوم و نەتەوە جۆربەجۆرەکانی دەگرتەخۆ. بەمجۆرەیە کە دیانەتی مەسیح لە ناو هەموو ئایینەکانی ئەو سەردەمەدا بە بە چاکتر زاندرا و بە ئایینی فەرمی دیاری کرا، هەتا لەو باردۆخە ئاڵۆز و پڕ لە گێژەنەیەدا دەور لە سەقامگیری و پتەوکردنی دەسەڵاتی چەوسێنەران و یەکخستنی ئیمپراتورییەکەیان بگێڕێ.

کۆتایی بەشی نۆهەم

درێژەی هەیە.